# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## دوازدەهەم را پۆرت : گرفتی مەڵبەندە تەندروستیەکان لە گەرمیان

**ئەیلولی ٢٠١٨**

١/١٠/٢٠١٨

## پێڕست


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم | ناساندن |
| بەشی دوەم | راپۆرت |
| بەشی سێیەم | راسپاردە |


## بەشی یەکەم: ناساندن

١. پێشەکی
٢. کارنامەی یەکەکە
٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

ئێمە لە رادیۆی دەنگ، ساڵی رابردو پرۆژەی دروستکردنی (یەکەی چاودێریی نوێنەرانی گەرمیان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)مان هەبو، کە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتو بو لە چاودێرییکردنی کاری ئەو دو نوێنەرەی گەرمیان، بەڵام بۆ ئەمساڵ و لە میانی پرۆژەی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی NED بەباشمان زانیی یەکەیەکی نوێ پێکبهێنین کە ئەمجارەیان چاودێریی حکومەتی خۆجێیی بکات.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ئەمساڵ دا (٢٤) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاودەکاتەوە بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگەی راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو دەبێت.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٣. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ١. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٢. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی  پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

بەشی دوەم: راپۆرت

١. مەڵبەندە تەندروستییەکانی گەرمیان

٢. ئاماری سەردانی نەخۆش بۆ مەڵبەندەکان

٣. گرفتی مەڵبەندە تەندروستییەکانی گەرمیان

ێ. بینا

ب. نەبونی کارەبا و خراپی سیستەمی کارەبا

ج. پێداویستی و ئامێرە پزیشکیەکان

د. کەمی ژمارەی پزیشک و کارمەندی تەندروستی

ه. کەمی کارمەندی ئیداریی لە مەڵبەندەکان

٤. بۆچی مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان نەبون بە جێگەی متمانەی هاوڵاتیان؟

٥. بەڕێوبەری مەڵبەندە تەندروستیەکان چی دەڵێن دەربارەی نەبونی متمانەی هاوڵاتیان

٦. بۆچی مەڵبەندە تەندروستیەکان لە گەرمیان تاوەکو ئێستا نەکراون بە (٢٤) کاتژمیری؟

٧. گرنگی بون بە (٢٤) کاتژمێری مەڵبەندە تەندروستیەکان چیە بۆ هاوڵاتیان؟

8. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان.

## ١. مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان

لە ئێستادا (12) مەڵبەندی تەندروسی لە گەرمیان بونی هەیە، وەک لەم خشتەیەدا ئاماژەیان پێکراوە:

| زنجیرە | ناو | شوێن |
|---|---|---|
| ١ | مەڵبەندی تەندروستی شێروانە | قەزای کەلار |
| ٢ | مەڵبەندی تەندروستی بابەگوڕگوڕ | قەزای کەلار |
| ٣ | مەڵبەندی تەندروستی شەهیدان | قەزای کەلار |
| ٤ | مەڵبەندی تەندروستی گەڵاڵە | قەزای کەلار |
| ٥ | مەڵبەندی تەندروستی کفری | قەزای کفری |
| ٦ | مەڵبەندی تەندروستی بەختیاری | قەزای خانەقین |
| ٧ | مەڵبەندی تەندروستی سیروان | قەزای خانەقین |
| ٨ | مەڵبەندی تەندروستی مەیدان | ناحیەی مەیدان |
| ٩ | مەڵبەندی تەندروستی پێباز | ناحیەی پێباز |
| ١٠ | مەڵبەندی تەندروستی گردەگۆزینە | گوندی گردەگۆزینە |
| ١١ | مەڵبەندی تەندروستی شەهید دکتۆر قاسم | ناحیەی رزگاری |
| ١٢ | مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵا | ناحیەی سەرقەڵا |


لە کۆی هەر (١٢) مەڵبەندەکە تەنها (١٦) پزیشکیان بۆ دابینکراوە ئەوانیش پزیشکی (گشتی، راهێنراو و پلەبەند)ن و (٥) پزیشکی ددان لەگەڵ تەنها (١) یەک پزیشکی دەرمانساز.

لە روی پەیکەری کارگێڕییەوە مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان بەشەکانی تەواو نین بەهۆی نەبونی تەواوی بەشەکانی بەڕێوەبردن ئەمەش کاریگەری کردوەتە سەر بەڕێوەنەچونی کارەکانیان بەشێوەیەکی رێکوپێک.

بەشێوەیەکی بەرچاو لە مەڵبەندەکان بەشەکانی ئامار و ژمێریای نیە کە پێویستیەکی گرنگی هەر مەڵبەند و نەخۆشخانەیەکە بۆ دانانی پلان و بەڕێوەچونی کارەکانیان بەشێوەیەکی رون و سەرکەوتو.

بەپێی بەدوداچونەکانی یەکەی چاودێری ئەو بەشانەی کە بەردەستن لە مەڵبەندەکان جیاوازە لە ئەو پەیکەری کارگێریەی کە بۆیان دانراوە بۆ کارەکانیان لێرەدا پەیکەری کارەکانی چەند مەڵبەندێک بە پێی کارو بەشەکانیان لە ئێستادا دەخەینە رو.


- **پەیکەری کارگێڕی مەڵبەندی تەندروستی گولاڵە:**




مستەفا رەشید، بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی گولاڵە، لەسەر ئەو بەشانەی کە گرنگ و پێویستن بۆ مەڵبەندەکە، بەڵام لەبەر نەبونی کارمەند نەکراونەتەوە دەڵێت: "بەشەکانی: (ژمێریاری، تەندروستی قوتابخانەکان، ئامار و چاودێری تەندروستی)، ئەم بەشانە زۆر پێویست و گرنگن، بەڵام تا ئێستا لێرە نەکراونەتەوە).

هۆکارەکەشی وابەستەدەکات بە دانەمەزراندی کارمەندەوە: "ئێمە داواکاریمان کردوە، بەڵام بە هۆکاری ئەوەی کارمەند نیە و دامەزراند نیە تائێستا نەکراونەتەوە".

*** پەیکەری کارگێڕی مەڵبەندی تەندروستی سیروان**




مەڵبەندی تەندروستی سیروان، تەنها دو بەشی تێدایە و بەڕێوەبەری مەڵبەندەکەش دەڵێت: "مەڵبەندەکەمان تەنها دو بەشی تێدایە دەرمانخانە و بەشی ددان، لە کاتیکدا زۆر پێویستمان بە بەشی تاقیگە، ژوری تیشک، پشکنینی چاو هەیە لەگەڵ دکتۆری گشتی بۆ مەڵبەندەکە، چونکە بەم شێوەیەی ئێستا کە هەیە سودێکی ئەوتۆی نیە بۆ هاوڵاتیان".

زانیار جەلیل دەشڵێت: "ئەم بەشە گرنگانەمان نیە ناچار دانیشتوانی ئێرە دەچنە شوێنەکانی دیکە، ئەم مەڵبەندە نەبوەتە بەشێکی تەندروستی گرنگ بۆ هاوڵاتیانی ئێرە".


بەم پێیەش زۆرێک لە مەڵبەندەکان کەموکورتیەکی دیاریان هەیە لە بەشە سەرەکیەکانی پەیکەری ئیداری مەڵبەندەکان و هەروەها خزمەتە تەندروستیەکانیان نەگەشتوە بەو ئاستەی کە هاوڵاتیان سودی تەواوی لێببینن.

## ٢. ئاماری سەردانی نەخۆش بۆ مەڵبەندەکان

رێژەی سەردانی نەخۆش بۆ مەڵبەندەکان جیاوازە بەهۆکاری هەڵکەوتەی شوێنی مەڵبەندەکە و جیاوازی خزمەتە تەندروستیەکان لە بەشەکانیان.

یەکێک لەو مەڵبەندانەی کە زۆرترین رێژەی سەردانی کەری هەیە لە ئیدارەی گەرمیان و پارێزگای سلێمانی مەڵبەندی تەندروستی شێروانەیە، رۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش سەردانی دەکات.

سەردانی رۆژانەی نەخۆش بۆ مەڵبەندی شێروانە بەم شێوەیەیە:




بەدەر لەمەش ساڵانە بە هەزاران منداڵی سنورەکە لە کەرتی پەروەردەوە سەردانی ئێرە دەکەن.
سامان حاجی ئەمین، بەرێوبەری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە لە قەزای کەلار، دەڵێت: "لەگەڵ ئەوەی کە سەردانکەرێکی زۆرمان هەیە ساڵانە بۆ بەشی تەندروستی خوێندنگاکان زیاتر لە (٤٠٠٠) منداڵ سەردانی مەڵبەندی تەندروستی شێروانە دەکەن".

بەرێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی بەختیاری، غالب غەفور، دەربارەی ژمارەی سەردانکەرانی مەڵبەندەکەیان وتی: "پێشوتر رۆژانە نزیکەی (٧٠) نەخۆش سەردانی دەکردین، بەڵام ئێستا ئەم ژمارەیە کەمی کردوە".
هەندێک لە مەڵبەندەکانیش هۆکاری کەمی رێژەی سەردانکەرانیان دەگەرێننەوە بۆ نەبونی بەشە پێویستەکان لە مەڵبەندەکەیان، نمونەی ئەو مەڵبەندانەش مەڵبەندی تەندروستی سیروانە، رۆژانە ژمارەیەکی کەم نەخۆش سەردانی دەکات کە خۆی دەبینێتەوە لە نێوان (١٠-بۆ ٢٠) نەخۆش.

بە وتەی بەڕێوبەری مەڵبەندەکە هۆکارەکەی نەبونی بەشەگرنگەکانە لە مەڵبەندەکەیان کە لە بەشەکانی دیکەی راپۆرتەکە رونکردنەوەکەی دەخەینە رو.

ئاماری سەردانی رۆژانەی نەخۆش بۆ مەڵبەندەکانی دیکە بەهۆی نەبونی بەشی ئامارەوە نەتوانراوە ئامارێکی ورد بەردەستبخەن.

وەک مستەفا رەشید، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە، ئاماژە بەوەدەکات کە بەشی ئامار یەکێکە لە بەشەگرنگەکان تاوەکو ئێستا بەهۆی نەبونی کارمەندەوە لە مەڵبەندەکەیان نیە: "بەهۆی نەبونی بەشی ئامارەوە نەمان توانیوە مانگانە ئاماری وردی بەشەکانمان دەستکەوێت".

بەڵام ئەمە نەبوەتە رێگر لەوەی کە هیچ ئامارێک بەردەست نەبێت لە مەڵبەندەکە ئەو ئامارانەی کە هەن لە بەشەکانی گەشەی مناڵ و کوتان مانگانە نزیکەی (٦٠٠) منداڵ دەکوترێت تێیدا، هەروەها لە بەشی تاقیگەی مەڵبەندەکە مانگانە ( ١٨٠٠بۆ ٢١٠٠) شیکار دەکرێت.

## ٣. گرفتی مەڵبەندە تەندروستییەکانی گەرمیان

### ا. بینا:

یەکێک لە کۆنترین مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان مەڵبەندی تەندروستی شێروانەیە کە مێژوی دروستکردنی ئەم مەڵبەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٩)یەکێکە لەو مەڵبەندانەی رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە چاودێری و کوتانی مناڵانی سنورەکە لە ئێستادا و لەماوەی رابردوشدا.

سامان محەمەد ئەمین، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە دەربارەی بیناکەیان دەڵێت: "ئەم بینایە لە ساڵی ١٩٦٩ دروست کراوە تا ئێستا هەر ئەم بینایەیە نەگۆڕاوە، تەنها چەند بەشێکی تری بۆ زیاد کراوە، ئەم چەند ساڵە زۆر نۆژەنکردنەوەمان تێدا کردوە لە روی ئاو و کارەبا، بەڵام لە روی گەورە کردنەوەوە نا، ئەوەی کراوە پێش سێ ساڵ بەشێکی کە دەکاتە ٢٠% بیناکە دروست کراوە، ساڵی ٢٠١٧ بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان بڕێک پارەی دابین کرد و سەرجەم مەڵبەندەکەمان نۆژەن کردەوە".



**دیمەنێک لە مەڵبەندی تەندروستی شێروانە پاش نۆژەنکردنەوەی**

یەکێک لەمەڵبەندەکانی دیکە کە بیناکەی پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵایە.

عەبدلڕەحمان رەشید، بەڕێوبەری مەڵبەندەکە دەڵێت: "بیناکەمان زۆر کۆنە هیچ تایبەتمەندیەکی مەڵبەندی تەندروستی تێدا نیە" ئەگەرچی ئەم مەڵبەندە رۆژانە نەخۆشێکی زۆر سەردانی دەکات، بەڵام بچوکی و کۆنی بیناکەی شیاوی مەڵبەندی تەندروستی نیە.

هەروەها پاش تێپەڕ بونی نزیکەی حەوت مانگ لە رودانی بومەلەرزەکەی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردو هەتاوەکو ئێستا ئاسەوارەکانی ئەو کارەساتە وەک خۆی ماوەتەوە لە بینای مەڵبەندی تەندروستی ناحیەی مەیدان.

سەردار رەسول، لێپرسراوی کارگێڕی مەڵبەندی تەندروستی مەیدان دەڵێت: "دوای رودانی بومەلەرزەکە چەندین ژوری بیناکە درزی بردوە و هۆڵی فریاکەوتنی مەڵبەندەکە سەقفەکەشی تێکچوە درزی زۆر گەورەی تێبوە کەلە زستاندا دڵۆپە دەکات، بەمەش ژیانی کارمەندان و ئەو هاوڵاتیانەی کە روی تێدەکەن کەوتۆتە مەترسییەوە".

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە تاوەکو ئێستا هیچ لایەنێکی بەرپرس بە رەسمی نەهاتون بەدەم چاکردنەوەی ئەو بەشانەی کە مەترسی دروستکردوە "هیچ لایەنێک نەهاتوە بە دەم ئەو کێشانەوە، هەر ئەوەندە بوە کە بەرێوەبەرایەتی تەندروستی گەرمیان وتویانە بە نوسراوی رەسمی زیانەکانی دەنێرین بۆ ئیدارەی گەرمیان، تا ئێستا هیچ وەڵامێک نییە".



دیمەنێک لە درزەکانی بینای مەڵبەندی تەندروستی مەیدان

**ب. نەبونی کارەبا و خراپی سیستەمی کارەبا**

یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکان بۆ بنکە و مەڵبەندە تەندروستیەکان کارەبای بەردەوامە، چونکە بۆ کارپێکردنی ئامێرەکانیان و پاراستی ئەو دەرمانانەی لە کۆگاکانیاندا هەیە پێویستی سەرەکیانە.

"کارەبای مەڵبەندەکان تاوەکو ئێستا لەسەر کارەبای ماڵانە، ئەو مۆلیدەیەی بۆیان دانراوە بەهۆی نەبونی گاز و خراپبونیەوە ناتوانرێت سودی تەواوی لێببینرێت زۆر جار بەهۆی نەبونی کارەباوە ناتوانین هیچ پشکنینێک بۆ

نەخۆش بکەین هەروەها تائسیساتی کارەباکەش پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە". ئەمە وتەی سەردار رەسول، بەڕێوبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی مەیدانە سەبارەت بە کارەبای مەڵبەندەکەیان.

دەشڵێت: "نەگونجاوەو نابێت مەڵبەندێکی بەناو بیست وچوار کاتژمێری کارەبای بەردەامی نەبێت، بەشی کوتان (لقاح) کارەبای نەبێت، بەشی کۆگای دەرمان و دەرمانخانە بێ کارەبابێت، لە کاتێکدا هەمومان دەزانین دەبێت دەرمان لەپلەی تایبەتدا هەڵبگیرێت".

ئەو باس لەوەش دەکات کە خراپی کارەباکەیان بە رادەیەک کاریگەری کردۆتە سەرمەڵبەندەکە کە رۆژی واهەیە بە ناچاری نەخۆشەکان دەنێردرێنەوە بێچارەسەر "بۆ نمونە دکتوری ددان دوای بڕینی نزیکەی ١٠٠ کیلۆمەتر کە لەسلێمانییەوە دێتە مەیدان هەرواش دەگەڕێتەوە بەم گەرمایە لەو رۆژانەی کە کارەبا نیە، ئەمە بۆ هەمو بەشەکانی دیکەش راستە وەک تاقیگە و فریاکەوتنی نەخۆش و کارمەندەکان و دکتۆرەکان لەبەر گەرماکەش ناتوانن لە ژوەرەکان بمێننەوە".

## ج. پێداویستی و ئامێرە پزیشکیەکان

هەندێک لە مەڵبەندەکان هیچ ئامێر و پێداویستیەکی گرنگ لە مەڵبەندەکەیان نیە، چونکە ئەو مەڵبەندانە بەشە گرنگەکانی مەڵبەندی تەندروستیان تێدا نیە تاوەکو ئامێر و پێداویستیەکانیان هەبێت.

زانیارجەلیل، بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی سیروان، دەڵێت: "ئێمە زۆرێک لە بەشە گرنگەکانمان نیە وەکو: بەشی تاقیگە، ژوری تیشک، پشکنینی چاو هەیە ئەمانەش پێویستیان بە دابینکردنی ئامێر و پێداویستیە لەگەڵ پزیشک و کارمەندی تەندروستی".

بەشێکی دیکەی مەڵبەندەکان هەندێک ئامێری پزیشکیان هەیە، بەڵام هیچ سودێکی نەبوە بۆ نەخۆشەکانیان.

سەردار رسوڵ، بەڕێوبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی مەیدان، باس لەوەدەکات و دەڵێت: "ئێستا مەڵبەندی ئێمە ئامێری سۆنەری هەیە، بەڵام تا ئێستا نەخراوتە کار لەبەر نەبونی دکتۆر".

بۆ ئامێر و پێداویستیەکانی دیکەی بەشەکانیان دەڵێت: "ئامێری تاقیگەکەمان باشە، بەڵام پێویستمان بە ئامێری تیشک هەیە ئەویش تا ئێستا بۆمان دابینەکراوە".

باس لەوەشدەکات کە پاشەڕۆی تاقیگەی مەڵبەندەکە دەکرێتە هەمان شوێنی پاشەڕۆی ناحیەی مەیدان.

مەڵبەندی شێروانەش بەهەمان شێوەی مەڵبەندی تەندروستی مەیدان پێویستیەکی زۆریان بە پزیشکی سۆنەر هەیە.

سامان محەمەد ئەمین، بەڕێوبەری مەڵبەندەکە، دەڵێت: "ئێمە لێرە زۆر پێویستمان بە پزیشکی سۆنەر هەیە لەگەڵ ئامێری سۆنەر، داواکاریشمان کردوە، بەڵام دەڵێن نیە".

ئامێر و پێداویستیە پزیشکیەکان لە مەڵبەندی تەندروستی شێروانە تاڕادەیەک باشن بە وتەی بەڕێوبەری مەڵبەندەکە، بەڵام لە بەشی ددانی مەڵبەندەکە ئەو کورسییەی کە بەکاری دەهێنن زۆر کۆنە، سامان محەمەد، ئاماژە بەوەدەکات داوایان کردوە بۆیان بگۆڕن و بیکەن بە دو کورسی، چونکە بەپێی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە سەردانی ئەم بەشەدەکەن پێویستی بە دو کورسی زیاترە نەوەک یەک کورسی کۆن، چونکە ڕۆژانە نزیکی هەشتا کەس سەردانی ئێرە دەکات بەڵام دکتۆر دەتوانێ پەنجا یا شەست کەس ببینێت".

**د. کەمی ژمارەی پزیشک و کارمەندی تەندروستی**

کەمی ژمارەی پزیشک کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوە لەسەر تەواوی نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکان لە گەرمیان هەر ئەم کەمی ژمارەی پزیشکە وایکردوە مەڵبەندەکان لە گەرمیان نەتوانن ڕۆڵی سەرەکی خۆیان ببین.

بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە، کەمی ژمارەی پزیشک لە مەڵبەندەکان دەبەستێتەوە بەهۆکاری ئەوەی کە نەتوانراوە سیستەمێک بۆ بینینی نەخۆش لە مەڵبەند و نەخۆشخانەکان دابنرێت.

مستەفا ڕەشید، باسلەوەشدەکات کە لە مەڵبەندی تەندروستی دەبێت پزیشکی بەشەجیاجیاکانی تێدابێت، بەڵام مەڵبەندەکەی ئەمان ڕۆژانە تەنها یەک پزیشک نەخۆش دەبینێت.

مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە تەنها دو پزیشکی پلەبەندی هەیە کە ڕۆژانە یەک پزیشکیان نەخۆش دەبینێت.

لە مەڵبەندی تەندروستی شێروانەش کەمی پزیشک و کارمەندی تەندروستی کاریگەری کردوەتە سەر کارەکانیان یەکێک لەو بەشانەش بەشی ددانە کە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر نەخۆش روی تێدەکات، بەڵام تەنها یەک پزیشکی ددان دادەنیشێت ئەویش بە بێ یاریدەدەر.

به پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، مەڵبەندەکە پێویستیەکی زۆری بە پزیشکی ژنانە، چونکە رێژەی زۆری ئەو ژنانەی کە دێنە مەڵبەندەکەیان پێویستیان بەوەیە لە لایەن پزیشکی ژنانیشەوە ببینرێن، بەرێوبەری مەڵبەندەکە سامان محەمەد، ئاماژە بەوەدەکات کە چەندینجار ئەم داواکارییەیان بەرزکردوەتەوە بۆ دابینکردنی پزیشکی ژنان، بەڵام هیچ پزیشکێک ئامادە نەبوە بێتە مەڵبەندەکەیان.

بەرێوبەری مەڵبەندەکە دەشڵێت: "لەبەر نەبونی پزیشکی ژنان بۆ نمونە ئافرەتی دوگیان دێت حاڵی تەواو نیە ئێمە ناتوانین چارەسەریان بکەین دەبێت حەوالەی نەخۆشحانەی شەهید شێرەی نەقیب بکرێت یان ئەو ئافرەتانەی فشاری خوێنیان هەیە ناتوانین چارەسەریان بکەین ئەبێت بنێردرێن بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن".

مەڵبەندی تەندروستی مەیدانیش ژمارەی پزیشکی زۆر کەمە وەک بەرێوبەری کارگێڕی مەڵبەندەکە دەڵێت: "کەمی پزیشک بوەتە گرفتێکی گەورە بۆ مەڵبەندەکەمان".

### هـ. نەبونی کارمەندە ئیداریەکان لە مەڵبەندەکان و دەرئەنجامەکانی

نەبونی کارمەندی کارگێڕی و ژمێریاری لەگەڵ ئامار کاریگەری دەبێت لەسەر پلان و بەرنامەی مانگانەو ساڵانە بۆ مەڵبەندە تەندروستیەکان، ئەنجامی نەبونی ئەمانە دیاری نەکردنی رێژەی سەردانی نەخۆشە بۆ ئەوەی بتوانرێت بکرێت بە پێوەر بۆ دانانی کات بۆ بینینی نەخۆش لە لایەن پزیشکی مەڵبەندەکەوە و هۆکارێکیش دەبێت بۆبەفیرۆچونی دەرمان، سەرئەنجام پەرش وبڵاوی لە کارە کارگێریەکان دەبینرێت.

ئەمە بەشێوەیەکە کە لە هەندێک مەڵبەند هیچ کارمەندێکی ئیداری بونی نیە، یەکێک لەو مەڵبەندانە مەڵبەندی تەندروستی سەرقەڵایە.

عەبدلرەحمان رەشید، بەرێوبەری مەڵبەندەکە دەڵێت: "هیچ کارمەندێکی ئیداری و ژمێریاریمان نیە تەنانەت کارمەندی پسوڵەشمان نیە، ئەمە جگە لەوەی مەڵبەندەکە کارمەندی کارگوزاریشی نیە".

بەهەمان شێوە مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە بەتەنها یەک کارمەندی کارگێری هەیە و هیچ کارمەندێکی ژمێریاری و ئاماری نیە.

## ٤. بۆچی مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان نەبون بە جێگەی متمانەی هاوڵاتیان؟

هاوڵاتیان رایان جیاوازە لەم بارەییەوە، هەندێکیان خزمەتگوزاری مەڵبەندەکان بەرزدەنرخێنن، وەک سازان عەلی دەڵیت: "من بۆ مناڵەکانم هەمیشە سەردانی مەڵبەندەکانم کردوە زۆر باشن ئەوەی کە من پێویستم بوە بۆیانکردوم ئەمە بەدەر لەوەی کە هەڵسوکەوتی کارمەندو پزیشکەکانیان زۆر باشترە لە نەخۆشخانەکان".

بەهەمانشێوە کاروان محەمەد، باس لە گرنگی مەڵبەندەکان دەکات لە ناحیەکان: "ئەم مەڵبەندانە تارادەیەکی باش توانیویانە خزمەتی نەخۆش بکەن بەتایبەت ئەوانەی کە لە ناحیەکانن، چونکە لە حاڵەتی کتوپڕ ئێمە ناتوانین بچینە شار، بەڵام لە ئێستادا بەداخەوە کە کاتی دەوامکردنیان زۆر کەمبۆتەوە ئەگەر شەوان کەسێکمان باری تەندروستی تێک بچێت ناچار دەبێت بیهێنینە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە کەلار".

بەشێکی دیکە لە هاوڵاتیان ئاماژە بەوەدەکەن ئەو مەڵبەندەی ئەوان سەردانیانکردوە هیچ چارەسەرێکی بۆ نەکردون.

سەیران جەلال، دەڵێت: "من ئێستا بۆ کوتانی مناڵەکەم هاتوم بۆ ئەم مەڵبەندە ئەگینا بۆ نەخۆشی خۆم نایەم، چونکە پێشوتر هاتوم پزیشکەکە وتی هیچت نیە، بەڵام پاش ماوەیەک وەزعم خراپتر بو کە سەردانی عیادەم کرد دەرکەوت توشی ئینتیهاباتی ریخۆڵە بوم بۆیە ئیتر متمانەم بە ئێرە نیە".

هەندێک لە هاوڵاتیانی قەزای کەلار باس لەوەدەکەن ئەوان هەر نازانن لە مەڵبەندەکان پزیشک دادەنیشێت بۆ بینینی نەخۆش بە وتەی ئەوان واتێگەشتون مەڵبەند تەنها بۆ کوتانی مناڵ و چاودێری گەشەی مناڵە هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەڵبەندەکان بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگیان داوە بە کوتانی مناڵان چاودێری ژنانی دوگیان.

د.حسێن نوری، پزیشکی هەناوی لەنەخۆشخانەی گشتی کەلار، لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: "شێوازی بینی نەخۆش رێکنەخراوە لە وەزارەت بۆیە مەڵبەندەکان نەبون بە پرد لە نێوان نەخۆش و نەخۆشخانەکان".

"دەبێت نەخۆش سەرەتا بچێتە مەڵبەندە تەندروستیەکان پاشان گەر پێویستی کرد لەوێوە بنێردرێتە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی ببینرێت لە لایەن پزیشکی پسپۆرەوە" د.عەدنان تۆفیق، پسپۆری نەخۆشیەکانی دڵ لەهەمان کاتدا بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلارە، وادەڵێت.

هۆکاری ئەوەشی تاوەکو ئێستا سیستەمی پلەبەندکردنی بینینی نەخۆش لە گەرمیان پەیرەو ناکرێت بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی گولاڵە، دەڵێت: "نەبونی سیستەمی ناردنی ناخۆش پلەبەند نەکراوە لە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان".

## ٥. بەڕێوبەری مەڵبەندە تەندروستیەکان چی دەڵێن دەربارەی نەبونی متمانەی هاوڵاتیان

بەهۆی ڕێکنەخستنی شێوازی بینینی نەخۆش لە نەخۆشخانە و مەڵبەندەکان بەشێکی کەم لە هاوڵاتیان سەردانی مەڵبەندەکان دەکەن سەرەڕای ئەمەش بەڕێوبەری مەڵبەندەکان دەڵێن هاوڵاتیەکی زۆر سەردانیان دەکەن.

مستەفا ڕەشید، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە، دەڵێت: "ڕۆژانە نەخۆشێکی زۆر سەردانی مەڵبەندەکەمان دەکات بە پێی ئەو بەشانەی کەهەیە توانیومانە خزمەتی هاوڵاتیان بکەین".

ئاماژە بەوەشدەکات ئەو نەخۆشانەی کە سەردانیان دەکەن زیاتر نەخۆشی ساردن وەکو: ئەنفلەوەنزا، سەرئێشە،سکچون، ڕشانەوە، سەرمابون لەگەڵ بەشەکانی چاودێری ژنان و کوتان".

دەشڵێت: "مانگانە زیاد لە (٢٠٠٠) نەخۆش دەبینرێت لە تەواوی بەشەکان، ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە کاریگەریەکی باشی هەبوە".

سەبارەت بە وەی کە هاوڵاتیان ناچنە مەڵبەندەکان بۆ پشکنینی سەرەتایی و ڕاستەوخۆ دەچنە نەخۆشخانەکان سەردانی پزیشکی پسپۆر دەکەن، مستەفا ڕەشید، دەڵێت: "ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمە نیە هاوڵاتیان هۆشیاریان کەمە، هۆکاری سەرەکیش نەبونی سیستەمێکی گونجاوە بۆ بینینی نەخۆش، ئەوەش پێویستی بە بڕیاری وەزیر و بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیانە کە وابکەن نەخۆش لە مەڵبەندەکانەوە بنێردرێتە نەخۆشخانەکان".

سامان محەمەد ئەمین، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە، سەبارەت بە متمانەی هاوڵاتیان بۆ مەڵبەندەکەیان دەڵێت: "ژمارەیەکی زۆر نەخۆش سەردانی ئەم مەڵبەندە دەکات، کارەکانمان جێگەی متمانەی هاوڵاتیانە، چەند مەڵبەندێکی نوێ کراوەتەوە لە ٣٠% کارمەندەکانمان ڕۆشتونەتە ئەوێ، بەڵام هەر ئێرە قەرەباڵەغترە، چونکە سەنتەری شارە چەن گەرەکێکی چڕ لێرەوە نزیکن و خەڵکی گەرەکەکانی تریش هەر دێنە ئێرە".

ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو کەسانەی سەردانی مەڵبەندەکەیان دەکەن زیاتر ئەوانەن کە پێویستیان بە ڤاکسینە و ئافرەتانی دو گیانن یان بۆ گەشەی مناڵ یان سەردانی پزیشکی ددان دەکەن لەگەڵ تەندروستی خوێندنگەکان.

بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە، باس لەوەشدەکات کە خەڵک خۆیان نایەن بۆ مەڵبەندەکان و دەڕۆن بۆ نەخۆشخانەکان "ئەوە ناهۆشیاری خەڵکە کە سەردانی مەڵبەندەکان ناکەن و ڕاستەوخۆ بێئەوەی بزانن چیانە دەچنە لای یەکێک لە پزیشکە پسپۆرەکان ئەگینا بەڕای من مەڵبەندەکان زیاد لە سنوری خۆیان ئیشیان کردوە".

هەندێک لە بەڕێوبەرانی مەڵبەندەکان دان بەوەدا دەنێن خزمەتگوزاری لە مەڵبەندەکەیان بە گوێرەی پێویستی هاوڵاتیان نیە، بەڵام هۆکارەکەی لە ئەستۆی ئەمان نیە، بەڵکو بەرپرسانی تەندروستی و هاوڵاتیان هۆکارن بۆ ئەوە.

سەردار رەسوڵ، بەڕێوبەری کارگێری مەڵبەندی تەندروستی مەیدان، دەڵێت: "مەڵبەندی تەندروستی مەیدان ناوێکی گەورەی هەیە، بەڵام کارەکانی لەئاست پێویستدا نییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، ئەویش بەهۆی پشتگوێخستنی لەلایەن بەرپرسانەوە کە کەس ئاوری لێناداتەوە، هەروەها بێدەنگی خەڵکی سنورەکە".

دەشڵێت: "ئێمە لەخەمی خەڵکداین حەز دەکەین باشترین خزمەت بکرێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئەو حزمەتگوزاریانەی پێشکەشدەکرێت لە ئاست خواستی ئێمە دا نییە، چونکە هەندێکجار لە بەر نەبونی ئامێر و کارەبا و نەبونی دەرمان و کەرەستەی تاقیگە نەخۆش جوابدەکەین".

ئاماژە بەوەشدەکات داواکارییەکیان کردوە بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیەکانی مەڵبەندەکەیان، بەڵام تا ئێستا وەڵامنەدراونەتەوە، ئەو داواکاریانەش کە کردویانە بۆ باشکردنی خزمەتگوزاریەکانی مەڵبەندەکە: " کارەباکەی بکرێتە بەردەوام، ئۆتومبیلی مەڵبەندەکە لەگەڵ ئەمبولانسەکەیان بە کەڵکی رۆشتن نایەن کەموکورتی هەیە لەگەڵ داواکاری زیادکردنی کارمەند".

## ٦. بۆچی مەڵبەندە تەندروستیەکان لە گەرمیان تاوەکو ئێستا نەکراون بە (٢٤) کاتژمیریی؟

مەڵبەندی تەندوستی بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی پێشکەوتو خزمەتی هاوڵاتیان بکات دەبێت پزیشکی پسپۆری هەمو بەشەکانی هەبێت (٢٤) کاتژمێر دەوامی تێدابکرێت و لە مەڵبەندەکانەوە نەخۆش بنێردرێت بۆ نەخۆشخانەکان، لە بارێکدا کە ئەگەر پێویستی بە چارەسەری وردی پسپۆری تایبەت بو یان پێویستی بە مانەوە بو لە ژێرچاودێری پزیشک یاخود پێویستی بە نەشتەرگەری بێت.

ئەو مەڵبەندە تەندروستیانەی کە لە پێشوتردا (٢٤) کاتژمێری بوە کەچی ئێستا ئەوانیش بون بە (٤) کاتژمێری و یەکێک لەو مەڵبەندانە مەڵبەندی تەندروستی مەیدانە لە ناحییەی مەیدان.

سەردار رسوڵ، بەڕێوبەری کارگێری مەڵبەندەکە، باسلەوەدەکات کە مەڵبەندەکەیان بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەک بە (٢٤) کاتژمێری نەماوە، بەڵکو تەنها چوار رۆژیش دەوامی تێدا دەکرێت "لەم مەڵبەندەی ئێمە لەدوای قەیرانی داراییەوە دەوامکردن تێیدا بوە بە چوار رۆژ تا کاتژمێر دوانزەی نیوەرۆ".

دەشڵێت: ئەمە بوە بە گرفتێکی سەرەکی بۆ هاوڵاتیانی دو ناحیە چونکە مەڵبەندەکەیان تاکە مەڵبەندە لە سنوری دو ناحیە و نەخۆشێکی زۆریش سەردانیان دەکات.

عەباس عەبدولعەزیز، یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، دەڵێت: "پێشنیارم کردوە بۆ وەزارەت کە کارمەندی بنکەکان بگوازێتەوە بۆ مەڵبەندەکان ئەوکات مەڵبەندی ناحیەکان و قەزاکان بکەن بە (٢٤) کاتژمێری سودی زۆر زیاتری دەبێت بۆ هاوڵاتیان".

هەندێک لە مەڵبەندەکان رێکخراوەکان هاوکاربون بۆ کردنەوەیان لە دابینکردنی پێداویستیەکانیان وەک بەڕێوبەرەکانیان دەڵێن ئیتر چۆن بتوانرێت بکرێب بە (٢٤) کاتژمێری.

غالب غەفور، بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی بەختیاری، ئاماژە بەوەدەکات کە بۆ زۆربەی پیداویستیەکانیان رێکخراوە بیانیەکان هاوکاریان کردون "لە ساڵی ( ٢٠٠٨) بە هاوکاری رێکخراوی مێرسیکۆ ئەم مەڵبەندە کراوەتەوە هەروەها بەدەر لەمە رێکخراوەکان زۆر هاوکار بون بۆ پێداویستیەکانمان".

ئەمە لە کاتێکداییە کە هەردو مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە و شەهیدانیش لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، بەهاوکاری رێکخراوی چالاکی لاوان (YAO) بە پاڵپشتی رێکخراوی (UNHCR) کرایەوە کە هەستا بون بە دابین کردنی کەلوپەلی ئیداری و پزیشکی بۆیان.

بەشێک لە مەڵبەندەکانیش بیناکانیان ناگونجێن بۆ ئەوەی کە بکرێن بە (٢٤) کاتژمێری، یەکێک لەوانە بینای مەڵبەندی تەندروستی شێروانەیە.

وەک سامان محەمەد، بەڕێوبەری مەڵبەندەکە دەڵێت: "بیناکەمان ناگونجێت بۆ (٢٤) کاژمێری، چونکە مەڵبەندی (٢٤) کاتژمێری پێوستی بە بەشی فریاکەوتن و ژوری مانەوەی کارمەندە، بیناکەی ئێمەش هیچ لەوانەی نیە".

باس لەوەشدەکات: "ئەگەر ئەم مەڵبەندە بکرێتە (٢٤) کاتژمێری زۆر سودی هەیە، بەڵام بەم بینایەوە هەرگیز ناتوانین".

## ٧. گرنگی بون بە (٢٤) کاتژمێری مەڵبەندە تەندروستیەکان چیە بۆ هاوڵاتیان؟

ئەگەرچی چەند مەڵبەندێکی تەندروستی لە پێش قەیرانی داراییەوە لە گەرمیان (٢٤) کاتژمێری بون، بەڵام لە ئێستادا هیچ مەڵبەندێکی (٢٤) کاتژمێری لە گەرمیان بونی نیە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کە بوە بە گرفتێکی زۆر بۆ هاوڵاتیان کاریگەریشی کردوەتە سەر زۆری ژمارەی سەردانی کردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار.

جێگری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، هەڵگورد محمەد، دەڵێت: "لەبەر ئەوەی لە گەرمیان هیچ مەڵبەندێکی (٢٤) کاتژمێری نیە، سەرجەم نەخۆشەکانی سنورەکە دێنە بەشی فریاکەوتن، لە کاتێکدا زۆری ئەو نەخۆشانە هیچ پیویست ناکات بێنە نەخۆشخانەکەی ئێمە، ئەمەش کاری کردوەتە سەر ئەوەی کە دوای کاتژمێر (١٢) پاش نیوەڕۆ قەرەباڵەغیەکی زۆر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن دروست بێت، ئێمەش ناتوانین حەقی تەواو بە نەخۆشە پێویستەکانیش بدەین، نەخۆشی سارد و گەرم دێنە بەشی فریاکەوتن لە کاتێکدا کە دەبێت ئەم نەخۆشانە بچنە مەڵبەندە تەندروستیەکان".

ئەمە لە کاتێکدا نەخۆشخانەی فریاکەوتن و بەشی فریاکەوتن تایبەتە بە حاڵەتەکانی کتوپڕ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی مەڵبەندی (٢٤) کاتژمێریی لە ناوچەکە، هاوڵاتیان بە ناچاری رودەکەنە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و هەروەها ناهۆشیاری خەڵکیش کاریگەری هەبوە.

وەک جێگیری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، هەڵگورد محەمەد، جەختی لەوەکردەوە کە نا هۆشیاری تەندروستی خەڵک زۆر بێزاری کردون " هۆشیاری تەندروستی خەڵک لێرە زۆر خراپە، دەبینین فریاکەوتن حاڵەتە کتوپڕەکان ئەگرێتەوە، کەچی بۆ هەمو حاڵەتێک نەخۆشەکان رودەکەنە ئێرە، بۆ نمونە نەخۆش هەیە دێتە ئێرە دە رۆژ یان مانگێک دەبێت کە نەخۆشە یان توشی پەتا ئەبن دێنە ئێرە، نازانن ئێرە شوێنی ئەوە نیە، ناهەقیشیان نیە چون هۆشیار نەکراونەتەوە وەکاتێک عیلاجێکیشی بۆ ئەنوسین ئەبینین گلەیی ئەکات".

بە پێی ئامارەکانی نەخۆشخانەکەش رێژەی سەردانی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار زۆر بەرزە.

سەیوان محەمەد، بەڕێوبەری کارگێری نەخۆشخانەی شەهید هەژار، ئەم رێژە زۆرەی سەردانی کەرانیان وابەستە دەکات بە نەبونی مەڵبەندی چالاکی (٢٤) کاتژمێری : "بەتەنها لە هەفتەیەکدا زیاتر لە (٢٠٠٠) نەخۆش دێنە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، بەمەرجێک کارمەندی ئاماریشمان نیە، هۆکاری ئەمەش نەبونی مەڵبەندی چالاکی (٢٤) کاتژمێرییەوەیە".

دانیشتوانی گوند و ناحیەکانیش گلەیی خۆیان هەیە، چونکە نەبونی مەڵبەندی ٢٤ کاتژمێری لە ناحیەکان کاریگەری هەبوە لە سەر دروستبونی مەترسی لەسەر ژیانیان لەکاتی تێکچونی لەناکاوی باری تەندروسیان یان لە حاڵەتەکانی پێوەدانی مارو دوپشک.

## ٨. رای بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لە بارەی کارکردنی مەڵبەندە تەندروستیەکانەوە دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە لە مانگی یەکی (2016) تاوکو ئێستا دەوامی سەرجەم فەرمانگەکان کەمکراونەتەوە، کارمەندی ئێمەش وەک وەزارەتەکانی دیکە دەوامیان کەمکرایەوە.

د. سیروان محەمەد، دەربارەی بینای مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان دەڵێت: "بینای مەڵبەندی سەرقەڵا یەکێکە لە بینا کۆنەکان کە نۆژەنکردنەوەی کێشەکانی چارەسەرناکات دەبێت بینایەکی نوێ بۆ مەڵبەندەکە دروست بکرێت، ساڵی پارو ئەمساڵیش کە وەزیر هاتوە سەردانی کردوە لەسەر ئەوە کۆکە کە ئەم مەڵبەندە نۆژەنکردنەوە کێشەکانی چارەسەر ناکات لە گەڵ ئەوشدا چەند جارێک هەوڵمان داوە برە پارەیەکی بۆ پێشکەش بکەین بەڵام کێشە ئەوەیە بیناکە زۆر کۆنە".

دەشڵێت: "بێگومانیش ناحییەی سەرقەڵا ناحییەکە پێویستی بە مەڵبەندێکی نوێیە".

یەکێک لە مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان بەهۆی رودانی بومەلەرزەکەی ساڵی پارەوە تەواوی بیناکە مەترسی لەسەرە بەهۆی ئەو درزانەی کە تێیدا دروست بون د. سیروان سەبارەت بەمە دەڵێت "بینای مەڵبەندی تەندروستی مەیدان لە پارەی نەوت بەرامبەر خۆراک نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام ئەم بومەلەرزەیە زیانێکی زۆری لێداوە هەیکەلی بیناکەی تێکچوە، وە تێکچونی هەیکەلیش بە نۆژەنکردنەوە چارەسەر نابێت، باشترین کار ئەوەیە بینایەکی نوێیان بۆ دروستکرێت، من رۆشتوم سەیرم کردوە درزەکانی زۆر گەورەن، چونکە بومەلەرزەکە لەوناوچەیەیە زۆر بەهێز بوە".

سەبارەت بە کێشەی کارەبای مەڵبەندەکە د.سیروان دەڵێت: "دوای ئەوەی کتابمان بۆ ئەم کێشەیە کرد ئێستا لەوەزارەتەوە وەڵام دروانەتەوە بۆ چارەسەرکردنی".

لە ئێستادا دانیشتوانی ناحیەکان گلەیی ئەوەدەکەن کە مەڵبەندە تەندروستیەکانیان (24) کاتژمێری نین بەڕێوبەری گشتیش ئەمە وابەستەدەکات بە خەرجنەکردنی پارەی ئێشکگری: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە لە مانگی یەکی

(2016) تاوکو ئێستا دەوامی سەرجەم فەرمانگەکان کەمکراونەتەوە، پێشوتر بڕەپارەیەک وەک هاندان کە پێی ئەڵێن پارەی ئێشکگری بۆ پزیشک و کارمەندەکان خەرجەدەکرا بۆ گەرمیان بڕێکی کەم بو لە نێوان (21بۆ-24 ) ملیۆن بو ئەمەش خەرج دەکرا بۆ (5-بۆ7) مەڵبەندی تەندروستی کە (٢٤) کاتژمێری بون هیچ کێشەیەکیشیان نەبو بەڵام حکومەت ئەو بڕە پارەییەی بڕی، کارمەندی ئێمەش وەک وەزارەتەکانی دیکە دەوامیان کەمکرایەوە".

ئێستا کە موچەش گۆرانکاری بەسەردا هاتوە، بەڵام ئەمە نەبوەتە هۆی کاراکردنەوەی مەڵبەندە (24) کاتژمێریەکان بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەسەر ئەم بابەتە دەڵێت: "ئەمە پەیوەندی بە بوجەوە هەیە نەوەک موچە، چونکە موچە دەوامەکردن رێکدەخاتەوە، بەڵام دەوامکردنی دوای کاتژمێر (1:00) پاشنیوەڕۆ پەیوەستە بە بونی پارەی ئێشکگریەوە کە بڕاوە".

نەرۆشتنی نەخۆش بۆ مەڵبەندەکان وە راستەوخۆ رۆشتنیان بۆ راوێژکاری نەخۆشخانەکان بوە بە گرفت بۆ پزیشکانی پسپۆر و نەخۆشەکانیش هەقی تەواویان پێنادرێت، د. سیروان لەسەر ئەم پرسە ئاماژە بەوە دەکات کە لە سیستەمی تەندروستی عێراق و کوردستانیش سیستەمی ناردنی نەخۆش هەیە، کە دەبێت نەخۆش لە مەڵبەندە تەندروستیەکانەوە بنێردرێت بۆ راوێژکاریەکان.

هۆکاری کارنەکردنیش بەم سیستەمە لە گەرمیان دەڵێت: "بۆ شوێنێکی وەکو کەلار ئەستەمە بتوانرێت کار بەم سیستەمە بکرێت لەبەر ئەوەی لەناو کەلاردا ئێمە پێویستمان بە (12) مەڵبەندە کە ژمارەی پزیشکی تەواوی تێدابێت، بەڵام ئێستا لە کەلار تەنها (4) مەڵبەندمان هەیە کە ژمارەی پزیشکی تەواویشیان نیە کەی ئێمە ئەم کێشانەمان چارەسەر بو ئەوکات دەتوانرێت سیستەمی ناردنی نەخۆش لە مەڵبەندەکان کارابکرێت".

دەشڵێت: "پزیشک لەمەڵبەندەکان دادەنیشێت هەر نەخۆشیک ئەگەر پێویستی بە بینین بو لەلایەن پزیشکی پسپۆری بەشەکانەوە دەینێرێتە ئەو بەشە زۆریش بیرمان لەمەکردۆتەوە، بەڵام کیشەکە چارەسەرکردنی هەروا ئاسان نیە، چونکە ئێمە کەموکورتی زۆرمان هەیە ئەگینا سیستەمی ناردنی نەخۆش لە مەڵبەندەکانەوە سیستەمێکی زۆر باشە کە بتوانرێت پەیرەو بکرێت".

نەبونی مەڵبەندی (24) کاتژمێری هۆکاری بونی لۆدێکی زۆرە لەسەر نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، بەڵام بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان باسلەوەدەکات کە ئەو هەوڵیداوە بەڕێگەیەکی دیکە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات بەڵام ئیدارەی نەخۆشخانەکە هاوکاری نەبون: "هەوڵمدا کە بەشی راوێژکاری ئێواران بکەمەوە بەشی پێشوازی نەخۆش ئەوکات ئەم بەشە تایبەت ئەبو بۆ ئەو نەخۆشانەی کە ساردن یاخود پێویستیان بە فریاکەوتن نیە دەرمان خانەیەکی دەرەکیمان بۆ دادەنان ئەم دەرمان خانەیە زەختی لەسەر حکومەت کەمدەکردەوە، وە بەنرخێکی گونجاو

دەرمانی دەدا بە نەخۆش ئیدارەو کارمەندەکانی ئەو نەخۆشخانەیە خۆیان هاوکار نەبون بۆیە نەمان توانی ئەو پرۆژەیە لەوێ جێبەجێ بکەین".

سەبارەت بە هەبونی ئامێری سۆنەر بەڵام نەبونی کارمەند لە مەڵبەندی تەندروستی مەیدان د. سیروان محەمەد، دەڵێت: "لەناو هەیکەلی وەزارەت بۆ مەڵبەندی تەندروستی بەشی سۆنەر نیە بەڵام نازانم بۆ چی ئەو ئامێرە براوە بۆ ئەوێ!".

مەڵبەندە تەندروستیەکانی گەرمیان بەشێوەیەکی گشتی کارەکانیان لە کوتان و گەشەی منداڵ چڕکردۆتەوە بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش ئەمەپشت راستدەکاتەوەو دەڵێت: "ئەمە ئیشی سەرەکی ئەوانە کۆمەڵێک بەشی سەرەکی هەن لە مەڵبەندەکان وەک چاودێری ژنی دوگیان، منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ لەگەڵ چاودێری بەساڵاچوان و تەندروستی ددان، بەدەر لەم چوار بەشە ئێمە چاودێری قوتابخانەکانمان هەیە لەگەڵ چاودێری دەوری قوتابخانەکان".

د. سیروان ئەوەش روندەکاتەوە کە خەڵک بەهەڵە تێگەشتوە کە پێی وایە مەڵبەندی تەندروستی پێویستی بە سۆنەر و پزیشکی پسپۆر کۆمەڵێک شتی دیکەیە، چونکە ئێمە نەخۆشخانەمان هەیە کە پێویستی بەو بەشانەیە نەوەک مەڵبەندی تەندروستی، بەڵام بۆ ناحیەکانیش ناکرێت ئێمە ناحیەیەکمان هەیە دانیشتوانەکەی (2-بۆ3 ) هەزار کەسە نەخۆشخانەیەکی بۆ دابنێین ئەمانە هەموی یاساو رێسای خۆیان هەیە".

## بەشی سێیەم: ڕاسپاردە

١. مەڵبەندی تەندروستی هاوشانی بەشەکانی دیکەی تەندروستی گرنگی خۆی هەیە، ئەمەش لە پلەبەندی سیستەمی تەندروستی عێراق و هەرێمیشدا بە ڕونی دیارە، بەڵام ئەوەی حسابی بۆ ناکرێت لە گەرمیان، ئەم پلە بەندیەیە، ئەمەش بەوهۆیەی خزمەتگوزاریی و پێداویستیەکانی مەڵبەندەکان زۆر سنودار یان لاوازن، ئەگەرچی مەڵبەندەکان توانیویانە سودێکی بەرچاو بگەیەنن بە هاوڵاتیان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ مەڵبەندێکی تەندروستی لە گەرمیان تەواوی بەش و پێداویستیەکانی مەڵبەندێکی ستانداردی تەندروستی نیە.

٢. بۆ ئەوەی سیستەمێکی تەندروستی سەرکەوتو گونجاو لە گەرمیان پەیڕەو بکرێت پێویستە وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان جەخت لە چالاککردن و ڕێکخستنی هەیکەلی کارکردنی مەڵبەندەکان بکەنەوە، ئەمە هۆکارێکیش دەبێت بۆ ئەوەی نەخۆشخانەکانی ناوچەکەش ئاستی خزمەتگوزاریەکانیان گۆرانکاری بەسەربێت و پێشبکەوێت.

٣. پێویستی مەڵبەندە تەندروستیەکانی سنوری گەرمیان بەشێوەیەکی گشتی خۆیان دەبیننەوە لەم خاڵانە:

ا. تەواوی مەڵبەندەکان پێویستیەکی زۆریان بە پزیشکە بۆ ئەوەی بتوانن ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانیان بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی پزیشک لە مەڵبەندەکان بەدواداچون بۆ جۆری نەخۆشیەکان بکات و لەکاتی پێویستی بیانرێنە نەخۆشخانەکان بەمەش هاوکاردەبن بۆ کەمکردنەوەی لۆدی زۆری نەخۆشخانەکانی ناوچەکە.

ب. دوابەدوای کەمی پزیشک کەمی کارمەندی تەندروستیش یەکیکە لە گرفتی مەڵبەندە تەندروستیەکان.

ج. زۆرێک لە مەڵبەندەکانی تەندروستی بەشی ئیدارە و ژمێریاری و ئاماریان نیە کە کۆڵەکەی بەڕێوبردنن، ئەمەش بەهۆی دانەمەزراندنی کارمەندەوە هاتۆتە بون لە پێشوتریش لەسەر بنەمای زانستی و پێویستی کارمەند دانەمەزراوە بۆ ئەم بەشانە، کە بۆشایەکی ئیداریان دروستکردوە لە کەرتی تەندروستی.

د. بەشی سۆنەر و تیشک کە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ مەڵبەندەکان، گرنگی پێنەدراوە بەمەش پزیشکان دەستەوەستان دەمێنن لەبەرامبەر ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بەم دوبەشەیە بۆ دیاری کردنی نەخۆشیەکەیان و ئاستەکەی.

هـ. بەشی ددان بەشێکی گرنگی مەڵبەندەکانەو لەگەرمیانیش ئەم بەشە تارادەیەکی باش گرنگی پێدراوە، بەڵام کورسی بەشێکیان کۆن بوە پێویستیان بە گۆڕینە.

٤. هەندێک لەو مەڵبەندانە لە دەرەوەی شارن یان لە ناحیەکانن، بون و بێکەیشەیی ئەم مەڵبەندانە گرنگە، چونکە هاولاتی لەکاتی نەخۆش کەوتنی دا گرانە بە زویی بگاتە سەنتەری شارەکان و نەخۆشخانەکان، بۆیە پێویستە گرنگیەکی تایبەت بەو مەڵبەندانە بدرێت. پێویستە وەزارەتی تەندروستی مامەڵەی تایبەت بکات لەگەڵ مەڵبەندی ناحیەکان بۆ ئەوەی لە هیچ بارودۆخێکدا ماوەی دەوامکردنیان کەمنەکرێتەوە وەک ئەوەی ماوەی چەند ساڵێکە هەیە رویداوە، چونکە لە حاڵەتی نەخوازراو تاکە شوێنی فریاد رەسی دانیشتوانی ناحیەکە و گوندەکانی دەوروبەرییەتی.

٥. مەڵبەندی تەندروستی گولاڵە لە قەزای کەلار پێشی مەڵبەندەکە و رێگای مەڵبەندەکە خۆلاویە ئەمەش بۆە بە گرفت بۆ دایکان و مناڵەکانیان لە کاتی سەردانیان بۆ ئەم مەڵبەندە، چونکە زۆرێک لەو مناڵانە لەسەرەتای رۆژەکانی تەمەنیان یاخود سەرەتای مانگەکانی تەمەنیانن بونی تۆز و خۆڵ لە رێگاکەیان کاریگەری نەرێنی ئەبێت لەسەر تەندروستیان.

٦. مەڵبەندەکان بەشێوەی گشتی و بەتایبەت مەڵبەندی تەندروستی مەیدان گرفتی خراپی کارەبا بوە بە کێشەیەکی گەورە لە مەڵبەندەکەیان، چارەسەرکردنیشی بە پێی لێدوانی بەرێوبەری کارگێری مەڵبەندەکە زۆر ئاسانە وپێویستی زۆری بە لایەنی مادی نیە بۆیە پێویستە بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان و ئیدارەی گەرمیان هەوڵبدەن لەماوەیەکی کەمدا بۆیان چارەسەر بکەن.

٧. بەهۆی فراوان بونی ناوچەکە لە روی دانیشتوانەوە ژمارەی نەخۆش بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە لەبەر ئەم هۆیە گەرمیان پێویستیەکی زۆری بە مەڵبەندی تەندروستی (٢٤) کاتژمێرییە لەناوەندی قەزاو ناحیەکان، پێویستە بەرێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان و ئیدارەی گەرمیان بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کار بکەن بۆ پلاندانان بۆ کردنەوەی مەڵبەندی (٢٤) کاتژمێری وەک پێویستیەکی سەرەکی تەندروستی بۆ ناوچەکە.

٨. بەپێی بەدواداچونەکانمان، رێژەو ژمارەی کارمەند لە تەندروستی گەرمیان، بەوشێوەیەش کەم نییە، بەڵام کێشە لە دابەشکردن دا هەیە، پێشنیازێکیش کراوە بۆ ئەوەی هەندێک لە بنکە تەندروستیەکان دابخرێن و کارمەندەکانیان بخرێنە سەر ئەو مەڵبەندانەی کەلەو گوندانەوە نزیکن، بۆ ئەوەی ئەو مەڵبەندانە بەهێز تر بکرێن و خزمەتگوزاریەکانیان باشتر بکرێن و ببن بە ٢٤ کاتژمێریی.

٩. هۆشیاریی هاولاتیان لەبارەی رۆڵ و ئەرکی مەڵبەندەکانەوە زۆر لاوازە، ئەمەش لەلایەک پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بەشی پێویست هاولاتیان تێنەگەینراون لە ئەرکی مەڵبەندەکان، لەلایەکی تریشەوە مەڵبەندەکان هێندە بەهێز و تەواو نین هەتا ئەو ئەرکە بخرێتە سەریان بۆ ئەوەی هاولاتیان لە بری نەخۆشخانە سەردانی ئەوێ بکەن.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

**١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە**

**٢. زریان محەمەد، دۆسیەی پەروەردە**

**٣. رێناس ساڵح، دۆسیەی تەندروستی**

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦ - ٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org